سووریا مافی هاوڵاتییبوون دەداتە کورد و هەسەد دەبێتە بەشێک لە دامەزراوەی بەرگریی سووریا

ئەمڕۆ دووشەممە 10ـی ئاداری 2025، سەرکایەتیی کەماری سووریا واژووکردنی ڕێککەوتنێک لەنێوان مەزلووم عەبدی و ئەحمەد شەرع، سەرکی سووریا ڕاگەیاند و بەپێی ڕێککەوتنامەکە، "هەسەد دەبێتە بەشێک لە دامەزراوەی بەرگریی سووریا".

سەرکایەتی کەماری سووریا ئەمڕۆ دووشەممە ڕایگەیاندوو، لەسەر بنەمای کەبوونەوەی نێوان ئەحمەد ئەلشەرع، سەرکی سووریا و مەزلوم عەبدی، فەرماندەی گشتیی هێزکانی سووریای دیموکرات لە ڕۆژی دووشەممەدا، ڕێککەوتن لەسەر یەکخستنی سەرجەم دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان، لەوانە دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان و کێڵگەکانی نەوت و گاز لە دەوڵەتی سووریادا.

ڕێککەوتنی ددوەم، دان بە کەمڕۆگای کوردی کە کەمڕۆگایەکی ڕەسەنە لە سووریادا و دەوڵەتی سووریاش مافی هاووڵاتیبوونی کورد و هەموو مافە دەستوورییەکانی مسۆگەر دەکات.

هەروەها مسۆگەرکردنی مافی سەرجەم سووریەکان بە نوێنەرایەتی و بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، بێبە هیچ جۆازیەکی نەتەوەیی و ئایینی.